کۆبونەوەی مەزهوم عەبدی و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا: مافەکانی کورد لە سوریا پاڕاوبن



مەزهوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە رایگەیاند، لە کۆبونەوەیاندا لەگەڵ ژان نوێل بارۆ، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گفتوگۆیان لەبارەی چەند پرسێک کردوە لەنوێیاندا پاراستنی تایبەتمەندی ناوچە کوردییەکان و پاراستنی مافەکانی کورد لە سوریا.

مەزهوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە و ژان نوێل بارۆ، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە هەولێر کۆبونەوە.

مەزهوم عەبدی لە راگەیەندراوەکدا وتویەتی، لە کۆبونەوەکەدا گفتوگۆیان لەسەر وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی 29ی کانونی دوەم کردوە لەگەڵ بەردەوامبون لە روبەڕوبونەوەی داعش و چنیەتی پاراستنی زیندانەکانی داعش و خانەوادەکانیان.

هەروەک مەزهوم عەبدی ئاماژەی پێداوە، لەبەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆیان لەبارەی پاراستنی تایبەتمەندی ناوچە کوردییەکان و پاراستنی مافەکانی کورد لە سوریا

کردوە.

تێکەڵکردنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان بەهەمو وردەکارییەکانیانەوە، لەنێویشیاندا یەکینەکانی پاراستنی ژنان-یەپەژە، یەکێکی دیکەی بوە لەو پرسانەی کە مەزڵوم عەبدی و وەزیرە فەرەنسییەکەی گفتوگۆیان لەبارەوە کردوە.

فەرماندەی گشتی هەسەدە وتوشیەتی، ژان نوێل بارێ سەرنجی لەسەر گرنگیی جێبەجێکردنی تەواوەتی رێککەوتنەکەی بوەو پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ ئەم قۆناغە دەربڕیوە.